سەماحەتی حەکیم لەگەڵ باڵیۆزی تورکیا پەیوەندی دوو قۆڵی و کێشەی ئاو تاوتوێ دەکات



بەڕێز حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پەشوازی لە بەڕێز ئەنیل بەرا ئەنان باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کرد، لەم دیدارە باس لە چەندین بابەت کرا لەوانە پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو وڵات و چەنیەتی پشخستنی بە پشت بەستن بە خاڵە هاوبەشەکان و پتەوکردنی بەرەوکانی هاریکاری.
سەماحەتی حەکیم جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە کە گرنگە بەدی هێنانی سەقامگیری لە ناوچەکە ئەوەشی بە بەرپرسیارێتی هەموو لایەنەکان لەقەڵەمدا بەتایبەتی ولاتە گەورەو کاریگەرەکان، هەروەها بەرپرسیارێتی بەشداریکردن لە چەسپاندنی ئەوەی لە بەرژەوەندی گەلەکانی ناوچەکە و ڕێگاخۆشکردن بۆیان تا بتوانن خێر وبەرەکان و سامانەکانیان وەبەربهێنن، .

سەماحەتی حەکیم داوای لە تورکیا کرد کە بەشی ئاو بە عێراق زیاد بکات لەبەر ڕۆشنایی قەیرانی ئاو کە کاریگەری لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان هەیە، پشتیوانی بە ئەو پرۆژانە دووپاتکردەوە کە یارمەتیدەرن بە بەڕێوەبردنی باشتری ئاو و گرنگی سوود وەرگرتن لە شارەزایی کەمپانیا تورکییەکان لەم بوارەدا..

لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر هاریکاریکردن لە بواری وزە و سەرخستنی پرۆژەی ڕێگای گەشەپەدان لەگەڵ گەرەنتی کردنی ئاسایشی پەویست بە سەرکەوتنی ئەو پرۆژانە، هەروەها ئاماژەی کرد کە هەبژاردنەکانی داهاتوو، هەنگاوەکە بە پتەوکردنی سەقامگیری و گواستنەوە بە قۆناغێکی تازە کە سەقامگیری تێدا هەمیشەیی بێت.